# مەلای کورد بەخشندەترین توێژ



## هەڵاڵە محمەد ئەڵماس

گەلی کورد هەرلە سەرەتای دەرکەوتنی خۆری پرشنگدرای ئیسلام، وەك هەر گەلێکی دیکە، ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بەشانازیو رووسوریەوە وەرگرت، پاشان ئازادکردنو بڵاوبونەوەی ئیسلام لەم ناوچەیەدا، کەسانی بەتواناو زانای گەورە بۆ خزمەتکردن بەم ئاینە لە ناو کوردا هاتنە مەیدانو بونە ڕەمزی ئاین خوازیو خزمەتگوزار بەئاینو نەتەوەو بڵاوکردنەوەو ڕێنمایی بۆ خەڵکانی تر، کەئەم ئەرکە گەورەیە خرایە ئەستۆی توێژێکی دیاری کراو. پاشان ناوی لێنرا (مەلا یا مامۆستا) بویە دەم ڕاستو پێشەنگی خەڵکی...

هەر لەو ساتەوەختەوە زاناو مەلای کورد زۆر خەمخۆرانە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا....لە چاکسازیو ڕێنمایی خەڵکیو بانگەوازکردنو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، خۆیان کردە (وەقف) لەم بوارەدا هەموو ژیانی خۆیان بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە بەخشی....

لەڕابردودا (مەلا)ی کورد لەزۆربەی بوارەکاندا ڕۆڵی ئەکتیڤی دەبینی، هەر لە ڕێنمایی خەڵکیو دادوەریو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانو هاندانی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بە دەست هێنانی مافی نەتەوەییو نیشتیمانیو خۆ کردنە قەڵغان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئەو ڕوداوانەی کە ڕویدەدا...

### مەلای کورد زۆر خەمخۆرانە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا

نامەوێت لێرەدا سەربوردی مێژووی مەلای کورد باس بکەم، ئەوەندەی دەمەوێت ئاماژە بە پێگەی ئەو کەسایەتیە گەورەو بەخشندەیەی بکەم، کە دەتوانم بڵێم دەوربەر زۆربەی کات هەست بەم ڕاستیە ناکەن!

مەلایەك تەمەنی خەرج کردووە بۆ ئەوەی ببێتە مەلاو خزمەت بە گەلو نیشتمانو ئاین بکات، هاوکات لەگەڵ هەموو دەردە سەریو بێ لانەییو شارەو شارو حوجرە بە حوجرەی ئەم کوردستانەو ژیانی متوازعانەیان هەتا مۆڵەتو بڕوانامەی زانستیان لەلایەن مامۆستاکەیان پێ بەخشراوە ئەوجار (مامۆستای مێزەر سپی) دوای مۆڵەت وەرگرتن، ئەگەر نیمچە ژیانێکی هەبێت خێرا لای دەوروبەر دەبێتە جێگەی پرسیار، بەبێ ئەوەی سەیری ڕەنجو تێکۆشانو خزمەتەکانی مامۆستا(مەلا) بکرێت!

دیارە ئەمەو ڕوبەڕووی دەسەڵاتو دەزگای پەیوەندیدار دەبێتەوە کە تا ئێستا (مەلا) ژیانی شایستەو ئابرومەندانەو پلەو پایەیان لە کۆمەڵگەدا دابین کراوە!؟ لەگەڵ ئەمانەشدا دەوروبەر چاوەڕوانی زیاتریان لە مەلا هەیەو دەیانەوێت مامۆستای ئاینی هەموو ژیانی ببەخشێت بەئەوان؟! زۆر جار بەبێ ڕەچاوکردنی کاتو وەختی، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت ودانانی کاتی گونجاو...

لەهەمان کاتدا خەڵکی زۆر جار بەلایەنی شۆخیو پێکەنینەوە باس لە مەلا دەکەن وە دەڵێن تەنها (ئەلف بێنە) ی خوێندەوەو هیچ وەخت ناتوانێت بڵێ ئەلف هانی!؟ ئەم دەستەواژەیە وەك بۆ مەلای کورد بریندار کەرە، بۆ هەر کەسێکە تریش هەر وایە، جێگەی گومانی تیادا نیە هەموو خوێندەوارێك هەر (ئەلف با)ی دەخوێنێت نەك (ئەلف - ها) یانی پیتەکانی بەو شێوەیە ڕیزکراون، گەر مەلای کورد بەس (ئەلف-با) یا دەڵێن (الف-بێ) ی خوێندووە، ئەوە تاوانی خۆی نیە، بەڵکو وەك ئاماژەمان پێدا ئەوە ئەرکی حوکمەتو دەزگای پەیوەندیدارەکانە کە ئاگای لە بژێوی مامۆستاو زانایانی ئاینی بێت وەك هەر توێژێکی تر!؟

### کێ مرۆڤەکان ئاشت دەکاتەوە بەبێ بەرامبەر جگە لەزاناو مەلای کورد

زاناو مەلای کورد ئەتوانم بڵێم بەخشندەترین توێژ بووە، گەر سەرنجێك بدەین و گەشتێك بەژیانو گوزەرانو شێوازی خوێندنو پلەو پایەی بکەین، دەبینین هەر توێژێك کە کار دەکات حسابی تەواوی بۆ کراوەو کاتی بۆ کارکردن سنوردارەو تا ڕادەیەك ژیانو گوزەرانیشی بۆ دابین کراوە...هەروەها دەتوانن پاش تەواو بوونی کارەکەیان کاری ئازاد بکەنو کەسیش نیشانەی پرسیاری لادروست نابێت، پێی ناڵێن (لەپڕێ بوو بە کوڕێ) ؟!

پارێزەرێك دەتوانم بڵێم هەر بە ئەندازەی مەلایەك هەوڵدەداتو دەخوێنێت بەڵام ژیان لای ئەو پارێزراوترەو کاتەکانی دیاری کراون، کەس بۆی نیە گەر بۆ پرسیارێکی یاسایش بێت بڕواتە نوسینگەکەیو بێ مۆڵەتو پسولە نەبرێت.

کەچی مامۆستا بەبێ مۆڵەتو هیچ بەرامبەرێك موسڵمانان پرسیارە شەرعیو دینەکانی خۆیان ئاڕاستە دەکەن، کاتێك پارێزەر لەوێ نییە یا کاتی نییە یا پشوو دەدات کەس ناتوانێت ئەم شوڕایە بشکێنێتو بڵێت هەر پرسیارەکەی دەکات، لۆمەش ناکرێت کەلە بنەڕتدا ئەمەیان ڕاستە.

ئەمە لە ڕویەکەوە پۆزەتیڤە کە دەروبەر ئەوەندە متمانەیان بە مامۆستای ئاینی هەیە بۆئەوەی لەم دونیا جەنجاڵو دژوارەدا یارمەتیان بداتو دەستیان بگرێت، بەڵام مەلا هەندێ جار لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە گرنگی بە کاتی پشودانو کەم کاتیو نان خواردنو خەوتنو.. هتد نادرێت، پشوی لێتێك دەدرێت هەرکەیو هەر کات بێت یاهەندێجار شەو درەنگانێك ئەتوانم بڵێم مەگەر دکتۆری ئێشکگری نەخۆشخانەکان لەوکاتەدا خەبەر بکرێنەوە بۆ کەسێك کەباری تەندروستی خراپ بێت گەرنا ئەویش بۆ پێویستی نەبێت ڕایان ناچڵەکێنن؟!! خۆ ئەگەر مامۆستا ئەم سنگە فراوانو دڵە فراوانەی نەبێت هەر زوو (ئەلف - با) کەشیان لێ دەسەندەوەو، دەیانکردە نوکتەو چەرەسی هەموو گفتوگۆکان.

### داوا دەکەم چیتر کۆمەڵگە بەو شێوازە سەیری مەلای کورد نەکات

دکتۆرێکی بەڕێز کاتێك نەخۆش دەڕواتە لای ماوەیەکی زۆر کەم لەلایەتی پسولەو پاداشتی خۆی وەردەگرێت، بەڵام مامۆستا کێشەی واهەیە چەندان دانیشتنو کۆبونەوەی بۆ دەکات ئەوجار ئەنجامێك دەست دەکەوێت ئەگەر لەسەر ئەم هیلاکیو قاڵبونەی شتێکی ڕەمزی وەربگرێت هەندێ جار بەرامبەر بەزەحمەت وەریدەگرێت.

زۆرن ئەو شتانەی مامۆستاو زانای کورد بەردەوام لە ژیانو کاتو ساتی زێڕینو پشووەکانی خۆیان، بگرە زۆر جار لەسەر حسابی ماڵو منداڵ بە خشیویانە بە کۆمەڵگەو گەلو نیشتیمانو ئاین، بەبێ ئەوەی ژیانێکی مامناوەندیان بۆ دیاری بکرێت!

### ئەرکی دەسەڵاتە جێگەو پێگەی شایستە بۆ مامۆستایانی دابین بکات

بەم هەموو ئەرکو هەڵگرتنی باری بەر پرسیارێتیە کەچی هێشتا پێی دەڵێن (بێنەی خوێندووە نەك هانێ)!!

دەپرسم کێ بەخشندەتر بوو بە زانا کێ سنگ فراوانو گیرفان کراوەترو ژیان بەخشندەتربووە ؟ کێ مرۆڤەکان ئاشت دەکاتەوە بەبێ بەرامبەر جگە لەزاناو مەلای کورد لە زاناو مەلا بۆیە داوادەکەم لە زانایانو مەلایان ئەم ڕۆڵە کاریگەرە پڕ هەستیارە زۆرتر دەرخەن بۆ کۆمەڵگە، کۆمەڵگەش چیتر بەو شێوازە سەیری مەلا نەکات ئەرکی دەسەڵاتیشە جێگەو پێگەی شایستە بۆ مامۆستاکان دابین بکات بۆ ئەوەی باشتر بتوانن خزمەت بەم کوردستانە خۆشەویستە بکەن، چونکە ئەوان ناتوانن کاری تر بکەن لەگەڵ کاری ڕێنوماییو مەلایەتیدا.

# سوپایەکی مەزن توانای ئێوەی نیە

رەقیب رەسول (٢ – ٢)

لە مێژە سەرەنجی زانایان دەدەم دەرکم بەوە کردووە، کە پێشکەوتن لە هەندێك شتی لاوەکی دەبینێ، کە ئەو شتە لاوەکیە نەك هەر پێشکەوتن بەڵکو دوورو نزیك پەیوەندی بە پێشکەوتنەوە نییەو لە دەرەوەی خۆیو کۆمەڵگەو واقعو سیاسەتە، ئەگەر ئەوەی باسی دەکەم وا نییە، بۆچی ئێوە وەزیفەی خۆتان نازانن؟

کە دەڵێم وەزیفەی خۆتان نازانن، خەڵکی دیکە لە جیاتی ئێوە سەرجەم کارەکانتان رادەپەڕێنن، مەبەستمە بڵێم، ڕاگەیاندنی کاری ئایینی ئەرکی ئێویە لە فەراغی ئێوەدا خەڵك توانی بە ناوی ئێوەوە بە پیشەی ئێوەوە، بە بیرکردنەوەو فەلسەفەی تایبەت بە خۆیەوە سیاسەت بکات، ئێوە نەتان توانی ڕەنگی حیزب، عەشیرەت، بنەماڵە، لەخۆتان دوور بکەنەوە، لە فکرو فەلسەفەی تایبەت بە پەروەردەی تایبەت بیرتان نەکردەوە، پێشکەوتن بەوە دەبێت، کە ئەوەندەی بە دوای شەخسیو دیکۆراتو مۆدێلات دەکەوین، بە دوای سەرنجو ڕەخنەو پێشنیار ناکەوین، بەدوای زانستو زانیاریو قوڵبونەوەو تاوتوێ کردنو هەڵسەنگاندن ناکەوین، زۆربەی زانایان کە دروست بوون، زانست دروستی نەکردوون، بەڵکو ڕێز دروستی کردون، عەقلیەتی خێڵەکی، حیزب، هەندێ کەسی نەخۆش، کە حەز بە دەنگو ناوبانگی خۆیان دەکەن، یەك دوو فەقێ جوببەو مەندیلیان بۆ بە دووریـن دەدەنو ئێوەش دەست خۆشی لێ دەکەن، ئێوە گەورەکتانە بەس دەر بکەون! پرۆژەتان نییە! پێدا هەڵگوتنێك بۆ ئێوە هەموو شتە، دیکۆر بەلای ئێوەوە پێوەری هەڵسەنگاندنە، بە چاوی خەڵکی ئەو ڕۆژگارە شت دەخوێننەوە، ئێوە چاوی تایبەت بەخۆتان نیە، بەچاوی خەڵکی شت دەبینن، گوێچکەی تایبەت بەخۆتان نیە، بە گوێچکەی خەڵکی شت دەبیستن، دڵی تایبەت بەخۆتان نییە، بەدڵی خەڵکی لە شت دەگەن، هەموو شتێکتان (موستەعارە) تەنانەت شکڵو شێوەو پەیڕەو پرۆگرامو جلوبەرگیش، خاوەنی هیچ شتێك نین، تەنانەت گومان لە خودی ئێوەش دەکەم، دەڵێم دەبێ ئەو دروشمەی کە زانایان پێی دەناسرێن، دیارە مەبەستم هەموویان نییە، دروشمی زانایان بێت؟ یان دروشمی تیجارەتکردن بە جوببەو مێزەر، نەك دروشمی زانستو زانیاری، دروشمی تێکۆشان بۆ تێرکردنی حەزی شەیتانی وەکو خەڵکی دیکە، چەندین جار گوتومە ئەگەر مەبەستمانە بازرگانی بکەین، ڕێگەی دیکە هەیە، کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ئەندامەکانی خۆمان باشتر تێر بکەین، بۆچی لە شت ناگەین؟

چونکە ڕێچکەکانی تێگەیشتن لە دەستەی ئێمەدا کوژراون، مەگەر ئەوە نیە هەموو ڕێچکەو ڕێگاکانی کەڵەکە کردنی ماڵو سەروەتو سامان لە ئێمەدا بوونیان هەیە، بۆ دەتوانین لەو ڕێگەدا پێش بکەوین، بۆ ناتوانین لە ڕێگەی متمانەی خەڵك بەدەر کەوین، ئایا بە ڕاست دەبێ گومانمان لەو باوەڕە نەبێت، کە ئێمە پێی دەڵێن (ئیمان) دەکرێت بپرسین دەبێت چ ئیمانێك لە ناخماندا بوونی هەبێت، ڕێك لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێچەوانە هەڵسوکەوت دەکەین، ڕۆژێك پرسیارمان لە خۆمان کردووە، کەسی دوالیزم کێیە؟ دووفاقی مەگەر هەر ئەو کەسە نیە، کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕەفتار دەکات، دەڵێن دونیا لە لای پەروەردگار بە قەد باڵی مێشولەیەك بایەخی نیە، کەچی خۆمان لە هەموو کەس زیاتر تامەزرۆی ماڵی دونیاین... هتد.

زانا لە عەقڵی ئێمە بۆتە دروشم، بۆتە بەگو ئاغاو دکتاتۆر، لە ئەوروپا کەسێك لە بچوکیەوە حەز لە خۆ دەرخستنو قسەی قەڵەوو زل بکات، دەیبەن بۆ لای پزیشکی دەروونی، کەچی لەناو ئێمەدا دەیکەین بەمەلاو مەندیلی لەسەر دەکەین، لە ڕێگەی ئەو ڕێزو تەقدیرەوە نەخۆشیەکەی زیاتر دەکەین، گەورە بوونی ئەو جۆرە نەخۆشیەش، کە فەترەیەك لەگەڵ ژیانی بوونی هەبوو، ئولفەتی پێوە گرت، نەك بە نووسینو ئامۆژگاریو ڕەخنەو سەرەنجو تێبینیو پزیشك چارەسەر دەکرێت، بەڵکو سوپایەکی مەزنیش لە بەرامبەریدا بێ توانا دەبێت.

# ئەلف هانێ..! *

## محمد نصر الله هەورامانی

ئەمەی سەرەوە ناونیشانی ڕاستەقینەی زانای موسڵمانەو هەمیشە مێژوو گەواهی ئەو ڕاستیەی داوەو زانای پڕ بوو لە عیلمو کارامە بە زانستەکەی، دانەبڕاوە لە پێشەنگ بوونی موسڵمانو بۆ خۆی بەر جەستە کەری ڕاو فەرمانەکانی قوڕئانو فەرموودە بووە، ئەگەر سەردەمێكو لە چوار چێوەیەکی بەرتەسکدا هەندێك بەناو زانا هەڵگری پەیامی ڕاستەقینەی زانایانو ئیسلام نەبووبن، ئەوا لە زۆر بواردا کارو کەسایەتی خۆیان خستۆتە ژێر پرسیار لەناو کۆمەڵگەدا.

پێشەوا حسەنی بەصری کۆیلەکانی شار داوایان لێ کرد، کە لە وتاری هەینیدا باس لە ئازاد کردنی کۆیلەکان بکات، تا رزگاریان بێت لە چەوساندنەوەی گەورەکانیان، حەسەنی بەسری چەند هەفتەیەك دوای خست ئینجا باسی کرد، بوو بە جێگەی پرسیار، ئەویش گوتی حەزم کرد خۆم کۆیلەیەك بکڕمو ئازادی بکەم، تا وتەکانم زیاتر کاریگەری هەبێت، منیش پارەم نەبوو، ئەو ماوە پارەم کۆکردەوەو کارم کرد، ئەمەیە سەرچاوەی کاری زانایانو ئیلهام بەخش، کە پڕاوپڕ لەگەڵ قوڕئان یەك دەگرێتەوە، ئەگەر بە خێرایی سەرەنج بدەینە زانایانی پێشوو، ئەوە زۆربەیان خاوەنی دیوە خانو نانو سفرەو وەقفی خۆیان بوون، بۆ خۆیان نانو رزقی فەقێو مەدرەسەکانیان پەیدا کردووە، وەکو مەلا فەندی هەولێرو مەلا محمدی جەلی زادەی کۆیێو مەدرەسەی ئاکرێو خۆرماڵو... هتد.

یا وەکو زاناو رابەرێکی رۆحی وەکو شێخ عومەر زیائەددینی بیارە، کە بە کۆڵی خۆی ئاردو گەنمی بۆ فەقێو مەدرەسە بردووەو نەیهێشتووە دەست پان بکەنەوە، ئەسڵ لە کارو پەیامی زانایان، ئەلف هایە، واتە پارە بدات بە خەڵكو خەمیان لێ هەڵبگرێ، چونکە خۆیان میراتگری حەزرەت دەزانن.

یان سەلەفی صالحی ئۆمەتی ئیسلام چۆن بوون لە بەخشینو خزمەتی نەداراندا. ئەم سەردەمە مخابن پێشی زانایانیش خەڵکانی ناباشیان تێدا دروست بوو، کە کاسبی لەسەر دین دەکەنو دوکانیان لە سەر ئایینەکانیان داناوە، جێگەی سەر سوڕمان نیە، کە ئێستاش کەسانی وا هەبن لە پێناو نانی چەورو سەیارەو زەویو کورسیدا، ئەلفو بێ لە خەڵکی نوێژ نەکەرو دوور لەئایین بکەنو لەبەر دەستەڵاتداراندا گەورەترین خەمیان ببێتە دونیاو ماددە.

مەلای کورد کاتێك شەخسیەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارو لە ڕیزی ئەلف بێ دادەبێت، کە ئەرکو پەیامو گەورەیی خۆی لە یاد بچێتەوە، وەکو دونیاییەکان پێشبڕکێ بۆ دونیا بکات، مەلای کورد کە هێندەی هەبێ پێی بژیێو دەست پان نەکاتەوە، ئیتر ئەو پلەو پایەو ڕێزە مەعنەویە زۆرە بۆیان، بەڵام ئەگەر بەشێوازی جوانەوە کەسانێك هاوکاری کردن، تا لارو مل نەبێ، ئەوە کاری باشە، لەگەڵ ئەوەشدا مەلای کورد لە هەر شارێکدا بۆتە ڕێکخراوێکی خێرخوازی بۆ دەوروبەری، ڕۆژانە لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینەوە، نەخۆشو قەرزارو کێشەی هاوسەر گیری لە بواری ماددیدا، باروبوویان بۆ دەکرێتو مەلا جێگەی متمانەی جەماوەرەو لە ڕێگەی ئەوانەوە زەکات دەگاتە هەژارانەوە. ئایا ئەمە ئەلف ها نیە چیە؟ چەندین کارو پێداویستی کۆمەڵگە ئەمڕۆ لەسەر شانی زانایان ئەنجام دەدرێت، بێ هیچ بەرامبەر، لەکاتێکدا ئەرکی ئەوقاف هێندە نیە.

وڵامدانەوە دەیان پرسیارو کێشەی خێزانی کە بابای پارێزەر بە دەقیقە لە نوسینگەکەی گوێبیستی ئەو جۆرە کێشانەیان دەبێت، چەندە جوان بوو لام، مامۆستایەکی هاورێم پار ساڵ لەناو مزگەوت ئاشکرای کردبوو، من ئیدی زەکاتم پێ ناشێو پارەتان وەرناگرم، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ناوی هەژارانی گەرەکتان پێ دەڵێم، ئیتر چەندین ملیۆن پارە لە ڕێگەی ئەوەوە دابەش کرا بەسەر هەژاراندا کێ دەتوانێ ئەمە بکات، جگە لە مەلای کورد.

کەوا بوو سەردمی ئەلف بێ نەماوە، یان راستر بڵێی هەر نەبووەو ئەوەی هەبووە حاڵەت بووە، لە راستیدا ئەلف ها بووە، مەلا کورد لە بێشکەوە تا ناو گۆر لەگەڵ تاکی کوردی دایەو ئاراستەی دەکاتو خێری پێ ئاشنا دەکاتو لەگەڵ کاری چاکەو پەسند.

بەخشینی کەسی مەلا لە زۆر دەوڵەمەندەکان باشترە، مەلای کورد ماڵو کاتو زانستو هزرو توانای وەکو کانیاوە، کە هەمیشە خەڵك ئاوی لێ دەخواتەوە، بۆیە هەردەم دەڵێین: دەستی بەخشین بەرزترە لە دەستی وەرگرو ئەلف ها ببیتە سیمای هەموانێ.

* بە پێویستم زانی ئەو بابەتە وەکو ئیزافە کردن بۆ بابەتی بەڕێز مامۆستا مەلا دلشاد گەلاڵی بنووسم.

# عائیشەی کچی ئەبوبەکر
# دایکی ئیمانداران، پێشەنگو راستگۆ، زاناو خواپەرست

ن: عەبدولرەحمان ئەلتوخی
و: ئەمیر عەبولسەتار

روونو ئاشکرایە لای هەر موسڵمانێکی خاوەن ویژدانو راستگۆیی، کە نەوەو




سەردەمی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- پاکترینو چاکترینو خاوێنترینو گوێڕایەڵترین نەوەو سەردەم بووە، چۆن وا نابن کە پەروەردەی دەستی

خودی پێغەمبەرن -درووودی خوای لەسەر بێت- مەگەر هەر ئەم پاکیو سەربەرزیە نەبوو وای لێکردن، کە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای زەوی لە خەوی قوڵی بێئاگاییو نەزانی و بەدرەوشتیو... هتد بێدار بکەنەوە؟

وایان لە بەندەکانی بەندە کرد، بە هەموو سەربەرزیەکەوە خوای بەندەکان بپەرستن.

لە زوڵمو زۆریو ستەمی رێچکە لارو چەوتەکان، بۆ دادو راستەڕێی ئیسلامو، لە ناخۆشیو نەخۆشیو تەسکەبەری دونیا، بیانهێنندەر بۆ فراوانیو خۆشی

دونیاو دوارۆژ هەنگاو بنێن.

موسڵمانی خوایست لەسەریەتی ئاگاداری ئاکارو رەفتارو ژیاننامەی ئەم کەڵەمرۆڤانە بێت، بۆ ئەوەی رێرەوی ژیانی هەردوو دونیای خۆی پێ رۆشن بکاتەوە.

ئەگەر لە ناو هاوەڵان زۆرتر باس لە پیاوان دەکرێ، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەتان لەم کاروانە پڕ خێرو بەرەکەتە بەجێ ماون، بەڵکو لە هەردوو لایەنی چەندایەتیو چۆنایەتی کەمتر نەبوونە لە چینی پیاوان.

لە ناو ئافرەتانیش خێزانەکانی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- بەتایبەتی، کە هەڵبژاردەی خوای گەورەن بۆ پێغەمبەرەکەی نمونەی بەها باڵاکانی لەخواترسانو گوێڕایەڵیو زانستو داوێن پاکیو رەوشت بوون، بەتایبەتیش دایکمان عائیشەی کچی گەورەمان ئەبوبەکری سدیق -خوای گەورە لێی رازی بێ، نەفرەتیش بڕژێنێ بەسەر ئەوانەی سوکایەتی بەرامبەری دەنوێنن.

## ئەگەر لە ناو هاوەڵان زۆرتر باس لە پیاوان دەکرێ ئەوە مانای ئەوە نلگەیەنێ کە ئافرەتان لەم کاروانە پڕ خێرو بەرەکەتە بەجێ

## ماون

بۆ لەناو هەموویان عائیشە -خوای گەورە لێی رازی بێ-

چونکە وەك زانای گەورەمان ئیبنولقەییم لە (جلاء الافهام) دا دەفەرموێ: هەندێك تایبەتمەندی هەیە، کە خێزانەکانی دیکەی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- نیانە، وەك:

١ - خۆشەویسترین کەسی پێغەمبەر بووە -درووودی خوای لەسەر بێت- وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (سُئل رسول الله - صلَّى الله عليه وسلَّم - : أيُّ الناس أحبُّ إليك؟ قال: ((عائشه))، قيل: فمن الرِّجال؟ قال: أبوها) البخاری

واتە: کەسێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- گوتی: کێ خۆشەویسترین کەسە لەلات؟ فەرمووی: عائیشە. گوتی ئەی لە پیاوەکان؟ فەرمووی: باوکی عائیشە.

٢ - پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- -جگە لە عائیشە -خوای گەورە لێی رازی بێ- هیچ کام لە خێزانەکانی بە کچێنیو تەمەنی بچووکەوە نەهێناوە، بەڵکو زۆربەیان بەتەمەن لەسەرووی تەمەنی پێغەمبەریشەوە بوون.

٣ - تەنها لە ناو ماڵو ژوورو پێخەوی عائیشەدا -خوای گەورە لێی رازی بێ- وەحی بۆ پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- نازڵ بووەو، لە ناو ماڵی هیچ یەکێك لە خێزانەکانی دیکەی نازڵ نەبووە.

## عائیشە خۆشەویسترین کەس بووە لای پێغەمبەر

٤ - ئەو کاتەی خوای گەورە ئایەتی نازڵ کردە سەر پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- و فەرمانی دا کە خێزانەکانی خۆی لە نێوان هەڵبژاردنی دونیا یاخود پێغەمبەر سەرپشك بکات، پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- بە عائیشەی فەرموو: (پەلەمەکە لەم بڕیارەتو، پرسو ڕا بەدایكو باوکت بکە) بەڵام ئەم گوتی: چۆن ئەمە پرسو رای دەوێ؟ بێگومان من لایەنی خواو هەڵبژاردنی پێغەمبەرەکەی هەڵدەبژێرم.

ئینجا دواتر هەموو خێزانەکانی دیکەی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- وەك ئەویان گوتەوە.




٥ - خوای گەورە لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە، شایەتی داوێن پاکی داوەو، بە ئایەت لە قورئانی پیرۆز تۆمارکراوەو، تا رۆژی قیامەت موسڵمانان دەیخوێننەوەو، بەیەکەوە شایەتی درۆو روو رەشی ئەو کەسانە دەڵێنەوە، کە بێ رێزیان نواندووە بەرامبەر بەم زاتە پاکە.

٦ - هاوەڵانی پێغەمبەر -خوا لێیان رازی بێت- دوای وەفاتی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- لە هەر پرسیارو پێشهاتێکی شەرعی گەر هاتوو گومانو کێشەیان هەبوایە، پرسیان بە عائیشە دەکرد -خوای گەورە لێی رازی بێ.

٧ - وەفاتی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- لە ناو ماڵی ئەودا بووەو، لە رۆژی ئەویشدا بووە، بەڵکو سەریشی لەسەر کۆشی ئەو وەفاتی کردووەو، گۆڕەکەیشی هەر لەناو ماڵی ئەودایە.

٨ - فریشتە شێوەو روخساری عائیشەی -خوای گەورە لێی رازی بێ- نیشانی پێغەمبەرداوە -درووودی خوای لەسەر بێت- بەر لەوەی ببێتە خێزانی.

ئەمە رووی ژیانیەتی لەگەڵ پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- لەلایەنی پەرستشو عیبادەتیشەوە، هەروەك هاوەڵانی پێغەمبەر بۆمان دەگێڕنەوە، کە چۆن خواپەرستی کردووە، ئەوەتا عوروەی کوڕی زوبەیر دەفەرموێ: بەبەر دەرگای ماڵی عائیشە دا رۆیشتم، ویستم کە سڵاوی لێبکەم، گوێم لێبوو دوعای دەکردو دەگریاو ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە: (فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ) ﴿الطور: ٢٧﴾ راوەستام تا بێ تاقەت بووم، ئینجا چووم بۆ بازارو کاروباری خۆم کردو گەڕامەوە، گوێم لێبگرت هێشتا هەر دوعای دەکردو دەگریا.

## رێزگرتن لە ماڵو خانەوادەو خێزانەکانی پێغەمبەر رێز گرتنە لە ئیسلام

لە رووی تێگەیشتنو زانینو زیرەکیەوەیش، دەریایەکی قوڵو بێ ئەندازە گەورەو کۆتایی بووە، تاوای لێهاتووە هەندێك لە زانایان بڵێن: چارەگی دین لە عائیشەوە -خوای گەورە لێی رازی بێ- پێمان گەیشتووە.

زیاتر لە ٢٠٠٠ فەرموودەی ریوایەت کردووە، کە تەنها ئەبو هورێرەو ئیبن عومەر -خوای گەورە لێیان رازی بێت- لەو زیاتریان ریوایەت کردووە.

ئەمە جگە لە زانستی تەندروستی ئەو سەردەم، کە شارەزایەکی کارامە بووەو، بووەتە مایەی سەرسوڕمانی یاوەرانی پێغەمبەر -درووودی خوای لەسەر بێت- و هەر بۆیەش وەك هەر ئافرەتێکی دیکە بەشداری جەنگەکانی کردووە لەگەڵ موسڵمانان، بۆ تیمارکردنی برینداروو، دابین کردنی دەرمان بۆ نەخۆشەکانو، ئاوهێنان بۆ لەشکری موسڵمانان.

ماوەتەوە بڵێین: رێزگرتن لە ماڵو خانەوادەو خێزانەکانی پێغەمبەر - درووودی خوای لەسەر بێت- رێزگرتنە لە ئیسلامو خودی پێغەمبەر، بەتایبەتیش عائیشەی خێزانو خۆشەویستی پێغەمبەر -سەڵاتو سەلامی خوا لەسەر پێغەمبەرو ئالو ئەسحابی.

# مەولود یاوەلیمە

مەلا عومەر سوێری

شوکرو سوپاسی بێژمار، بۆ خودای میهرەبانو پەروەردیگار، درودی خوا لەسەر دواین پێغەمبەران، حەزرەتی محمد، درودی خوای لەسەر بێت، خوای میهرەبان، دواین پێغەمبەری خۆی حەزرەتی محمد، درودی خودای لەسەر بێت، ناردوە بەقوڵترینو فراوانترین پەیڕەوبەرنامە، نەك هەربۆراستکردنەوەی بیروراو یاساو رەوشتەچەوتو ناشیرنەکانی مرۆڤ، بەڵکو هەروا ناردویەتی بۆراست کردنەوەی گوفتارو ناونانو هەموو هەڵەیەکی وردوو درشتی مرۆڤ، هەتا ئەو پێغەمبەرە، درودی خودای لەسەربێت، چۆنیەتی رۆیشتنو دانیشتنو خواردنو خواردنەوەو نوستنو خۆششتنو هتد..

بەچاکترین شێوە فێری ئومەتی خۆی کردوە، وەهەروەکو هاوەڵە بەرێزەکان، فەرمویانە (علمنا رسوالله كل شيء حتى الحزاءه)، پێغەمبەری خودا، درودی خودای لەسەربێت، ئێمەی فێری هەمووشتێك کرد، هەتافێری دەست بەئاو گەیاندنی کردین، ئەوەش بێگومان بەڵگەیەکی رونو ئاشکرایە لەسەر قوڵیو فراوانی ئیسلام، وەکو بەرنامەو پەیڕەوێکی هەتا هەتایی، بۆژینو دینی مرۆڤایەتی، بۆیە پێغەمبەری خودا، درودی خودای لەسەر بێت، سەرەڕای راست کرنەوەی بیرو بڕواچەوتە دەست کردەکانی مرۆڤو ئاینە پێشوەکان وەسەرەڕای راست کردنەوەی هەڵسو کەوتو رەوشتە ناشیرنەکانی ئادەمیزاد، هەموو گوفتارو هەموو وشەیەکی هەڵەی بۆموسڵمانانی راست کردۆتەوە، بۆ نموونە قەدەغەی کردوە هیچ موسلمانێك ناوی منداڵی خۆی بنێ بەناوی ناخۆشو بێ مانا، وەچەندین ناوی هاوەڵەکانی گۆڕیوە کە لەسەردەمی جاهیلیدا بونو ناونرا بون، وەقەدەغەی کردوە موسڵمانێك غوسڵی جەنابەتی لەسەر بێتو بڵێ لەشم پیسە وەفەرمویەتی (لايقولن احدكم خبث نفسی) هەتا پێغەمبەر، درودی خودای لەسەربێت، رازی نەبوە پێی ناخۆش بوە کەسێك هەڵەبکات لەقسەکردنی ئاسایيو لەناو نانی هەرشتێك بەهەڵە، وەفەرمویەتی (لاتسموا العنب الكرم فان الكرم المسلمة) متفق عليه واتە: ناوی ترێ مەنێن بە(کرم) چونکە (کرم) واتە موسڵمان، ئەوەی بەڵگەیەکی رۆنتروراستەو خۆترە لەسەر بابەتەکەمان، پێغەمبەری خودا، درودی خودای لەسەر بێت، قەدەغەی کردوە ناوی کاتی نوێژەکان بگۆڕی بەناوێکی دیکە، وەفەرمویەتی (لايقبلنكم الاعراب على

اسم صلاتكم العشاء فان اسمها في كتاب الله العشاء) غريب الحديپ لابن اپير الجزيری

عەرەبە بیابان نشینەکان، بەنوێژی عیشایان دەگوت (صلاة العتمة) واتە نوێژی تاریکی پێغەمبە، درودی خودای لەسەربێت، هاوەڵەکانی قەدەغە کردوو فەرموی ئێوە چاولێکەری ئەوان مەکەن، چونکە ناوی ئەو نوێژە لەقورئانی پیرۆزدا عیشایە نەك (عتمە)، بەم شێوەیە پێغەمبەر، درودی خودای لەسەربێت،

هەمیشە هاوەڵەکانی فێر دەکرد هەرناوو هەر زاراوەیەك لەقورئانی پیرۆز یا لەسونەتە پاكو بێ گەردەکەی خۆیدا هاتبێ پەسندی بکەنو هەرگیز لێی لانەدەنو نەی گۆڕن،

جا لێرەدا مەبەست راستکردنەوەی چەندین هەڵەی لەم بابەتەیە، لەناو نانو لەگفتو گۆی گەلە موسلمانەکەماندا بەر بلاوە، بۆنموونە بووك گواستنەوە ناونراوە بەمەولودی پێغەمبەر، درودی خودای لەسەر بێت، کەچی پێغەمبەردرودی خودای لەسەربێت، لەچەندین فەرمودەدا ناوی ناوە بە (ولیمە) واتە خواردەمەنی بەبۆنەی بوك گواستنەوە، ئاشکرایە بوك گواستنەوە بۆنەیەکەو، یادکردنەوەی لەدایك بونی پێغەمبەریش، درودی خودای لەسەربێت، بۆنەیەکی دیکەیە مەولودی پێغەمبەر درودی خودای لەسەربێت، ساڵانە لەیەك مانگدایە، لەو مانگەش لەرۆژی (١٢/ربیع الاول)ە بێگومان لەئیسلامو لەعەقلو نەریتیشدا یاد کردنەوەی هەر روداوێکی دینی یا دونیایی لەو رۆژەدا دەکرێ، کەروداوەکەی تێدابووە نەك بەدرێژایی ساڵ وەکوو روداوەکانی ئیسراو میعراجو کۆچی پێغەمبەرودرودی خودای لەسەربێت شەوی قەدرو....هتد.

کە هەریەکەیان لەمانگو لەرۆژێکی دیاریکراودا رویان داوە، راست نیە لەهەموو مانگو رۆژێکدا یاد بکرێتەوە، وەئاشکرایە لەسەردەمە دێرینکانی ئیسلامەوە پێشەواو زانا پێشینەکان تەنها لە١٢/(ربیع الاول) دا یادی لەدایك بونی پێغەمبەریان زیندوو کردۆتەوەو ناویان ناوە رۆژی (مولود) وەئەوەی شایانی باسە چەندین لەپێشەواو زانا ناو دارەکان، لەبارەی پیرۆزی یادکردنەوەی لەدایك بونی پێغەمبەردرودی خودای لەسەربێت، چەندین کتێبیان نوسیوەو چەندین بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی ئەم یادە پیرۆزە لەئیسلامو سونەتی پێغەمبەرەدادرودی خودای لەسەربێت، کارێکی پیرۆزو پەسندە. ناونانی بووك گواستنەوە بەمەولود وەکوو ناونانی بۆنەی جەژنە بەناوی کۆچی

پێغەمبەردرودی خودای لەسەربێت، ئەمەش راست نییە، بەڵکو درۆیە، جالێرەدا ئەگەر کەسێك رەخنەی هەبێو بڵێ هۆی ناونانی بوك گواستنەوە بەمەولودی پێغەمبەر درودی خودای لەسەربێت، خۆشەویستی پێغەمبەرو ئەوەش کاری چاکەیەو خواپێی خۆشە بۆیە لەبۆنەی بۆ گواستنەوەدا دەگوترێ مەولودی پێغەمبەر، سازدەکەین، لەوەڵامدا دەڵێین بەڵکو پیویستە بگوترێ (ولیمە) سازدەکەین، چونکە پێغەمبەر،درودی خودای لەسەربێت، خۆی ئەم ناوەی لێناوەو کردویەتی بەسونەتی خۆی، وەزیندوو کردنەوەی سونەتو ناونانی پێغەمبەر،درودی خودای لەسەربێت، کاری چاکەیەو خوائەمەی پێخۆشەو فەرمویەتی (لقد كان لكم فی رسولله اسوة حسنة لمن كان يرجوا لله وليوم الاخر وذكر الله كثيرا) بۆیە پێویستە لەسەرموسڵمانو مرۆڤی ژێر باسی هەرشتێك بەناوە راستەکەی خۆی بکات، بەتایبەتی بەو ناوو زاراوەی لەسونەتی پێغەمبەردرودی خودای لەسەربێت داهاتبێ وەباسکردنو ناونانی هەرشتێك بەهەڵە جۆرێکە لەجەهلو نەفامی کەئێمەش ئەوە بۆگەڵە موسلمانەکەمان قەبول ناکەین، تێبینی لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین ئەو (ولیمەی) لەسونەتی پێغەمبەردایەو کردویەتی بەرێو شوێن بۆموسڵمانان، وەوەڵام دانەوەی واجبەو بێ عوزری شەرعی دواکەوتنی تیایادادروست نیە، ئەوە نیە موسڵمانانی ئەم سەردەمە کردویانە بەنەریتو بۆشەوی بوك گواستنەوە لەم سەرو لەو سەری شار خەڵك بانگ دەکەنو رایان دەکێشن، ئینجا لەهۆڵی خواردنەوەو مزگەوتەکان، کۆدەبنەوەو شیرنەمەنیان بەسەردا دابەش دەکرێت، لەگەڵ ئەو هەموو خەرجیو ماندوبوونەی تیایدا دەکرێت نەهیچ خێرێکی هەیەو نەهیچ بەرەکەتێکی پێویە بۆبوكو زاوا وەوەڵامدانەوەشی واجب نیە، چونکە لەسونەتی پێغەمبەردرودی خودای لەسەربێت، بەدەرە، وەئەو ولیمەی لەسونەتی پێغەمبەردا درودی خودای لەسەربێت، یەوکارێکی پیرۆزە ئەوەیە جەمەنانێکی نیوەرۆ یائێوارە ئامادە بکرێت، بۆخزمو دراوسێو کۆمەڵێك لەبرادەرە نزیکەکان، جائەوە لەرۆژی پێش بووك گواستنەوە بێت، یالەرۆژی دوایی بووك گواستنەوە وە ئەم سونەتە پیرۆزو پڕ حیکمەتەیە کەخێرو بەرەکەتی پێویە بۆبووكو زاوا وەوەڵامدانەوەو بەشداری کردنیشی تیایدا واجبەو دواکەوتنی تیایدا بێ عوزری شەرعی دروست نییە، بۆکەسێك کە بانگ کرابێ.

# خودانیٚ مەهدەریٚ

مەلا حوسەین دوسکی - راگەهاندنی لقی دهوك melahosaieen@yahoo.com



دەرمـــانیٚ دەرد و ژانـــا
پێـــشرەویٚ مـــە بـــسلمانا
ئـــەی خوشـــتقی موحەممـــەد
ســاخی تـــو لنـــاڤ وژدانـــا
تـــە وژدان ئینـــا وجـــودیٚ
بـــەری تـــە کـــەتبو رکـــودیٚ
قورئـــان و ســـوننەت رێکـــن
پێکـــەهیٚ جیهانـــا خـــلودیٚ
خالـــد بـــبین دعـــالەما بـــاقی
ئـــەم شـــاربن تـــوژی ســـاقی
فـــرەك ئاڤـــا کەوســـەر ڤـــەخوم
قـــەوی بـــو دکـــەم ئـــشتیاقی

شـــەوقا مینبـــەر و حـــەوزیٚ
ب بیـــنم قـــەبر و رەوزیٚ
ســـەخمەراتی شـــەفاعەت

ب گـــەهم نـــەجاح و فـــەوزیٚ
فـــەوزا راســـتی مـــەهدەرا تـــە
بـــرك و کـــانی کەوســـەرا تـــە
گـــوری تـــەبن مـــە روح وجـــان
رحمـــە للعالـــمین مەفخـــەرا تـــە
فـــەخریٚ عالـــەم ب تـــە شـــادم
ژ ریٚ و رێبـــازا تـــە نـــا لادم
دینـــیٚ تـــە پـــەیرەویٚ ژیـــانیٚ
سەربەســـت د ژیـــم و ئـــازادم

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کرد

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

**بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

سلاوی خواتان لێ بێت

بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەکەتان، گەرمترین پیرۆزبایی لەئێوەو لەڕێگەی ئێوەشەوە لەسەرجەم زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەتەواوی کوردستان دەکەم.

زانایانی ئایینی لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا هەمیشە رۆڵێکی نەتەوەیی کاریگەریان هەبووە، بەتایبەتی لەکاتو رۆژە تەنگەکانو پاڵپشتێکی پتەو بووینە لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا بەرابەرایەتی بارزانیی نەمر کە یەکەم کەس بوو درکی بە بایەخی ئەو توێژە کاریگەرە کرد، بۆیە هەر لەدوای مۆرکردنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی بە چەند مانگێك بە پێویستی زانی گشت زانایانی ئایینی لە کوردستاندا لەو یەکێتییەدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بە رۆڵی مێژوویی خۆیان لەبوارەکانی پەروەردەو ئامۆژگاریو ئاشتەوایی‌و هاندانی میللەتەکەمان لە داکۆکیکردن لەمافەکانی هەڵبستن.

هیوادارم لەم یادە مێژووییەدا، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەسەرئەو رێبازەی خۆی بەردەوام بێتو هەمیشە دروشمی کارکردنەکەی پاراستنی یەکریزی‌و پێکەوە ژیانو تەبایی میللەتەکەمانو خزمەتکردن بەئایینی ئیسلام‌و گەلی کوردستانو وەستان دژ بەدیاردەی تیرۆرو پشتگیریکردن بێت لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانو تێکۆشانی گشت پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە.

سلاو بۆ گیانی دامەزرێنەری یەکێتی زانایانو سەرجەم شەهیدانی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی یەکێتی زانایان.

خوای مەزن پشتو پەنای هەموولایەکمان بێت

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٠/٩/٢٠**



# لقی هەولێری یەکێتی زانایان سەردانی مەزاری شەهیدانی زانایان دەکات و پەیامێکیش دەداتە سەرجەم رێکخراوەکانی سنووری هەولێر

**راگەیاندنی لقی هەولێری یەکێتی زانایان:** لەیادی چل ساڵەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، شاندێکی زانایانی ناوشاری هەولێرو ئەندامو کارگێرانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی شێخ نیاز راغب دێگەیی سەردانی هەر یەك لەمەزاری شەهیدانی یەکێتی زانایان شەهید مامۆستا مەلا عبدالرحمن گەناویو، شەهید مامۆستا مەلا عبدالرحمن هەمزە کۆریو، شەهید مامۆستا مەلا عبداللە پەلپیتانی کرد لەشاری هەولێر. وەك دەربڕینی وەفایەك بۆ ئەو خزمەتە بەرچاوەی پێشکەشی گەلەکەیانو ئایینی پیرۆزی ئیسلامو زانایانی ئایینی ئیسلامیان کرد بوو لەماوەی ژیانیانو، لەڕیزەکانی یەکێتی زانایان کە هەریەکەیان لەپۆستی باڵای یەکێتی زانایاندا بوونە لەکاتی شەهید بوونیان. شایەنی باسە دوای خوێندنی فاتحە بۆ گیانی پیرۆزیان لەوتەکەیدا شێخ نیاز دێگەیی ئاماژەی بەگەورەییو دانایی‌و خزمەتی بەرچاوی ئایینی‌و نەتەوەیی هەریەکەیانی کردو بەڵێنی پابەند بوونیان بەرێبازی شەهیدان دووپات کردەوە.

هەروەها لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەیادی چل ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەکەماندا، پەیامێکی هەماهەنگی دەداتە سەرجەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری هەولێرو، هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرو دەوروبەر لەیادی چل ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لەگەڵ بەدیاری هەناردنی دانەیەك لەقورئانی پیرۆز لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، پەیامێکی هەماهەنگی دەداتە سەرجەم ناوەندو مەڵبەندو لقەکانی هەولێری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

لەیادی (٤٠) چل ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەکەمان (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان)، دەمانەوێت لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا، دووپاتی رێزو خۆشەویستی‌و، برایەتی‌و هەماهەنگی‌و یەك هەڵوێستی یەکێتییەکەمان بکەینەوە، لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کورددەواری موسڵمانو، داکۆکی کردن لەهەموو مافە رەواکانی‌و، بەرەو پێش بردنی دەستکەوتە نەتەوەیی‌و ئاینییەکانمان لەهەرێمی کوردستان.

لەگەڵ رێزماندا...

**لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

# مەکتەبی تەنفیزی سەردانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرو دەوروبەر دەکات

**پەیام:** رۆژی دووشەممە (٢٠١٠/١٠/٤) مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سەردانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرو ئەوقافی دەوروبەریان کرد.

لەسەردانەکەدا کە لە سەرۆکی زانایانو جێگری سەرۆكو بەرپرسی لقی هەولێر پێکهاتبوون، تەئکیدیان لەسەر هاوکاری‌و هەماهەنگی‌و کاری هاوبەشی بەردەوام کرد، چونکە ئەوقافو یەکێتی زانایان هەمیشە تەواوکەری یەکترین، بەتایبەتی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو تەنسیق‌و هەماهەنگیەکی زۆر باشیان لەگەڵ یەکێتی زانایان هەیە.

هەردوو بەڕێزان حاجی نوری بەڕێوەبەری ئەوقاف هەولێرو حاجی دەرسیم بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەر بەگەرمی پێشوازی شاندی زانایان کردو، ئەوانیش بەگەرمییەوە تەئکیدیان لەسەر هەماهەنگی‌و کاری هاوبەش کردەوە.

# ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان ئیدانەی هەوڵەکانی سوکایەتیکردن بە خێزانو هاوەڵەکانی پێغەمبەر دەکەن

رۆژی (٢٠١٠/٩/٢٠) ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست.

لەکۆبوونەوەکەدا چەند خاڵێك خرانە بەر باسو لێکۆڵینەوە، لەوانە خۆ ئامادەکردن بۆ رۆژی دامەزراندنی یەکێتی زانایان، کە رۆژی (٩/٢١) دامەزرا، بۆ ئەم مەبەستە بریار درا لەهۆڵی زانایان کە دەکەوێتە ناو بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ئاهەنگێك ساز بکرێت، کە تێیدا بەبۆنەی رۆژی دامەزراندنی یەکێتی زانایان، چەند وتارێك دەخوێندرێنەوەو، هەروەها مەراسیمێکی رێزلێنان دەکرێت بۆ چەند کەسایەتیەك کە رۆڵیان لەریزەکانی زانایان هەبووە.

هەروەها ئەنجومەنی ناوەندی دەستخۆشانەیان لەمەکتەبی تەنفیزی کرد، لە نوێکردنەوەی تەشکیلاتی لقەکانی یەکێتی زانایان، هیوایان خواست بتوانرێت لەماوەی داهاتوو لقەکانی دیکەش تەواو بکرێن.

یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی قسەی لەسەر کرا، نیشاندانی هەڵوێستی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بوو، دەربارەی ئەو سوکایەتیانەی هەندێك لەراگەیاندنەکان دەرهەق بەخێزانەکانی بەڕێزەکانی پێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەکانی دەکەن، لەو بارەوە ئەنجومەن بەکۆدەنگ رایانگەیاند:

بەتوندی ئیدانەی ئەو هەڵوێستە قێزەونو ناموسڵمانو نامرۆڤانەیە دەکەینو، پێمان وایە ئامانج تێکدانی یەکێتی‌و یەکبوونی موسڵمانانەو، قوڵکردنەوەی گیانی رق لێکبوونەوەو دووبەرەکییە لەناو کۆمەڵی موسڵمانان، بەتایبەتی قسەگوتن بە دایکی ئیماندارن قسەگوتنە بە قورئانو کەلامی خوای مەزنو ئازاردانی پێغەمبەری سەروەرمانە، هەروەها سوکایەتیکردن بە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، هەڵسوکەوتە بەپێچەوانەی پەیامی پێغەمبەری ئیسلام، کە هەمیشە جەغتی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە هاوەڵان هەموویان روناکی‌و نورن هەتا هەتایی، بەتایبەتیش چوار خەلیفەکانی راشیدینو، ئەنسارو موهاجرین، ئەوانە هێڵی سوورن، هەر کەسێك خۆی بەموسڵمان بزانێت بۆی نییە زمانی زبرو سووك لەسەر ئەو هاوەڵانە بەکار بێنێت.

دواتر ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان دووپاتی دەکاتەوە، نابێ ئەو کارانە کاریگەری نەرێنی بەسەر گیانی تەبایی‌و پێکەوەژیان هەبێت لە هەرێمی کوردستانو، پێویستە پارێزگاری لە خسوسیەتو تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، کە موسڵمانان لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعینە.

بۆیە ئەنجومەن رایدەگەیەنێت:

وێرای ئەوەی داوای بە دادگایی گەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەو وتانە دەکەین، جەغتیش دەکەینەوە، کە کوردستان هەمیشە مەڵبەندی پێکەوەژیان بووەو، هەمیشەش جەغت لەسەر ئەو پێکەوەژیانە دەکەینەوە، بەتایبەتی سنووری هەرێمی کوردستان قەت ئاریشەی نەبووەو، هەمیشە بەئارامی هەموو ئاینەکان پێکەوەژیاونو، هەمیشەش پارێزگاری لەتایبەتمەندی خۆی کردووەو، کە هەموویان پیڕەوی مەزهەبی ئیمامی شافیعین.

خوای گەورەش دەربارەی هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت:

(النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ).

# سەرۆکی یەکێتی زانایان وتارخوێنی مزگەوتەکان ٣ ئەرکی زۆرگرنگیان لەسەرشانە




سەلام کەریم سیدان - بەرپرسی راگەیاندنی ئاینی وەزارەتی ئەوقاف: لەمیانەی خولە رۆشنبیریە - زانستیە هاوبەشەکانی نێوان راگەیاندنی ئاینی وەزارەتی ئەوقافو رێکخراوی تواناسازی ئافرەت کە بۆ ئیمامو خەتیبەکانی کوردستان چەند ساڵێکە بەردەوامە، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان موحازەرەیەکی پێشکەشکرد بەژمارەیەك وتارخوێنی مزگەوتەکانی هەولێرو دەوروبەری، تیایدا تەئکیدی لەسەر ٣ ئەرکی گرنگی وتارخوێنو زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بەگشتی کردەوە کە ئەویش ئەرکی ئاینی‌و کۆمەڵایەتی‌و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو.

سەرۆکی یەکێتی زانایان لەموحازەرەکەیدا زۆر بەوردی‌و بۆ ماوەی ٥٠ دەقیقە لەسەر ئەو ٣ ئەرکە قسەی کردو لەپاڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەزەرورەتی پابەندبوونی مامۆستایانی ئاینی بەفەتوا کردەوەو گوتی پێویستە پێش هەر فەتوایەك لەگەڵ لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان گفتوگۆی کردبێت.

رۆژی پێشتریش مامۆستا د.بەشیر خەلیل سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی کوردستان بەموحازەرەیەکی بەپێز بەشداری لەم خولەدا کردو وەڵامی پرسیاری بەشداربوانیشی دایەوە.

# رووکردنەوەیەك لە یەکێتی زانایانەوە لەسەر فەتوایەکی ئەبو بەسیر تەرتوسی

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾

**جەماوەری کوردستان**

**موسڵمانان و هەڵگرانی سەرجەم ئایین و مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان**

هەمیشە خەڵکانێك هەن چاویان بەو برایەتی‌و پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان هەڵنایێتو، هەمیشە هەوڵ دەدەن درکو گرفت لەنێو سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دروست بکەن، هەندێك جار بەناوی نەتەوایەتییەوە، هەندێك جاریش بەناوی ئایینو مەزهەبەوە هەوڵی هێنانەوەی ئاریشە لەهەرێمی کوردستان دەدەن، بۆ ئەوەی لەبری ئاشتی‌و پێکەوەژیان، کوردستان بکەنە گۆمی خوێنو لەیەك بەربوون، کە ئەو کەسانەمان دیتن ویستیان بەناوی نەتەوایەتییەوە گرفت دروست بکەن، هەروەك بەناوی رێکخراوی مەسیحی‌و جولەکەو ئیسلامی‌و ئێزدیش هەمان شت دەکەن، بەڵام خۆشبەختانە گەلانی کوردستان بە سەرجەم نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانەوە قەت دەرفەتیان بۆ ئەوانە دروست نەکردووەو هەمیشە پێکەوەژیان قوڵتر بۆتەوە.

لە دواهەمینی ئەو هەوڵانەی کە کار بۆ لێکترازانی برایەتی‌و پێکەوەژیانی کوردستان دەدەن، ئەو فەتوایەیە، کە (عبدالمنعم مستەفا حلیمە) ناسراو بە (ئەبوبەسیر تەرتوسی) کە ناوی موفتی جیهادیەکانی لەخۆی ناوە، کە وەك روونکردنەوەیەك ئاراستەی گەلی کوردی دەکات.

ئێمە لەیەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەتوندی رقی قسەکانی ناوبراو دەکەینەوەو، دڵنیاشی دەکەینەوە، کە هەوڵەکانی ئەوو هاوشێوەکانی مایەپووچو بێ دەرەنجام دەمێننەوە، بۆشی دووپات دەکەینەوە، کە ئیسلام ئێمەی فێرکردووە بەدرێژایی مێژوو وەك هەموو وڵاتانی ئیسلامی بەئاشتی لەگەڵ مەسیحی‌و ئاینەکانی دیکە بژینو، قەتیش دۆستایەتی شەیتانمان نەکردووە کە ویستوومانە کوردە ئێزدیەکان بەپێی ویستی خۆیان لەنێو گەلی خۆیان بژین، ئەگەر لەبەر ئەوە ئێمە بەدۆستی شەیتان دەزانێت، دەبوو ئەوانەی بەدۆستی شەیتان بزانیبا، کە بە زەبرو زوڵمەوە دەیانەوێت ناسنامەی کوردی لە ئێزدیەکان بستێننەوەو، بۆ خۆیان ببەن.

قورئانیش لەلای ئێمە قەت سوکایەتی پێنەکراوە، بگرە پیرۆزترینو گەورەترینو بەڕێزترین کتێب لەلای گەلی کورد قورئانی پیرۆزە، حەڵاڵکردنی خوێنی گەلی کوردیش بەم بیانوانە، بەتایبەتی کە دەڵێت: (ژیانتان لەگەڵ ئێمە و لەلای ئێمە نییە، جگە لە دوژمنداری‌و رقو کینە هیچی ترتان لەلای ئێمە نابێت)، ئەو قسانە لوتکەی نەزانی ئەوە بۆ گەلی کورد، چۆن زمانت گرتو قەڵەمت نووسی، کە خوێنی هەموو گەلی کورد حەڵاڵ بکەی، ئەو کوردانەی مزگەوتو قورئانو ئیسلامو خواو پێغەمبەر لەگەڵ خوێنو دڵمان تێکەڵاو بووە، دڵنیاش بەو هەوڵە نەزۆکانە قەت گەلی کورد لەئیسلام سارد نابێتەوە، بەپێچەوانەوە گەرمو گوڕتر دەبین، چونکە ئێمە ئیسلاممان لە پێغەمبەرو قورئانمانەوە ناسیووە، کە فێری خۆشەویستی‌و هاوکاری‌و خوداپەرستی‌و پێکەوەژیانیان کردووین، دڵنیاش بە دەرفەت نادەینە هاوبیرەکانت بۆ ئەوەی لە ئوممەتی ئیسلامیمان ببەنە دەرێ،و ئەو جارە بەناوی کوفرو هەڵگەڕانەوە دەرفەت وەربگرن بۆ شێواندنو تێکدانی باری ژیانی کوردستان. خۆزگە یەك لە هەزاری ئەو هەڵوێستەتان لەسەر قورئان ئەو کاتە بووایە، کە حکومەتی بەعسی قورئانی پیرۆزی لە گوندو دێهاتەکانی کوردستان دەسووتاند.

کەسیش خێری بە ئێمە نەکردووە کە لێرە دەژین، کە ئێستای هەڕەشەی نەمانی ژیانمان لە کوردستان لێ بکات، چونکە ئەوە زێدی باب‌و باپیرانمانەو، خەڵکانی دیکە هاتوونە کوردستانیان پارچە پارچە کردووەو، وڵاتی ئێمەیان بە زوڵمو ستەم داگیرکردووە.

هەر لێرەشەوە داوا لە هاوڵاتییانی کوردستان دەکەین، ئەم جۆرە فەتواو قسانە، کە بۆنی فیتنەو کوشتارو تێکدانی ئاساییشی کوردستانی لێ دێت، لە خەڵکانی هەر نەتەوەو ئایینێکەوە دەربچن، ئامانج لێی تێکدانی باری ژیانو گوزەرانو ئارامی کوردستانە، پێویستە لەئاست مەسئولیەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەوڵانە بکەین.

هەروەك داوا لە مەسیحی‌و ئێزدی‌و شەبەکەکانی کوردستان دەکەین، پتر دەست بە پاراستنی هەرێمی کوردستان گرنو، دەرفەت نەدەن بەناوی مەسیحیەتەوە کەس پشێوی لەکوردستان نەنێتەوەو، یان کەسانێك بۆ هەر مەبەستێك بیەوێت ئێزدیەکان لەنەتەوەی کورد دابڕێت، چونکە ئەوە یەکەم ئامانجی دوژمنانە.

لەهەمان کاتدا داوا لە راگەیاندنەکانی کوردستان دەکەین هەمیشە هەوڵ بدەن وێنەی کورد وەکو خۆی پیشان بدەن، نەك خوانەخواستە دەرفەت بدرێتە کەسانی توندڕەو، کە خەڵکێکی سادە لەدژی وڵاتەکەمان فریو بدەن.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**کوردستان - هەولێری پایتەخت**

# مەکتەبی تەنفیزی بەشداری سیمینارێکی وەزارەتی تەندروستی دەکات

**راگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی:** رۆژی ٢٠١٠/٩/٢٠ بەبانگهێشتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی بەشداری لەسیمینارێکی وەزارەتی ناوبراو کرد.

شاندی مەکتەبی تەنفیزی کە پێك هاتبوو لە هەردوو بەڕێزان مامۆستا مەلا نەجمەدین وادی‌و مامۆستا مەلا دلشاد گەلاڵی، بەمەبەستی ئاگادار بوونو هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوبراو، ئامادەی ئەو سیمینارە بوون، کە تایبەت بوو بە چەند نەخۆشیەکی نەگوازراو، کە وەك هەوڵێکی تازە لەمەڕ هەندێ چالاکی‌و پێشکەوتنی پزیشکی قسەی لەبارەوە کراوە.

لەدوای گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو تەوەرەش شاندی ناوبراو دووپاتی کردووە، کە یەکێتی زانایان ئامادەی هەر جۆرە هاوکاری‌و هەماهەنگیەکە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ زیاتر سەلامەتی هاوڵاتیانو خۆ پاراستن لە نەخۆشیە بەر بڵاوەکان

# یەکێتی زانایان داوا لە وتاربێژان دەکات باس لە مافەکانی بە ساڵاچوان بکەن

بەبۆنەی (١٠/١) رۆژی بەساڵاچوانو، وەك ئاوردانەوەیەك بۆ مافەکانیان لەروانگەی ئایینی ئیسلامەوە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوای لە سەرجەم وتاربێژانی کوردستان کرد، بۆ وتاری هەینی ئەم جارە بە گرنگییەوە باس لە مافەکانی بە ساڵاچوان بکەنو، گەورەیی ئەوان بۆ موسڵمانانو نوێژخوێنان روون بکەنەوە، بەتایبەتی کە ئیسلام زۆر بە جددی تیشك دەخاتە سەر ئەو باسەو، لە هەموو ئایینو رێبازەکان پتر گرنگی بە مافەکانی تەمەنداران دەدات.

هەروەك مەکتەبی تەنفیزی بە رەسمی سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایانی ئاگادارکردەوە، کە کۆی (١٦) لقی لەسەرجەم کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە هەموو ناوچەیەکی کوردستان وتاربێژان ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی وتاری هەینی تایبەت بکەن بە مافەکانی بە ساڵاچوان. تا ئەوەی نوێ رێزی گەورەکانیان بگرنو، مافەکانیان بدەنو، خزمەتو ماندووبوونیان لەبەر چاو بێت.

# بە بەشداری یەکێتی زانایان لە پیرمام ئاهەنگێکی بڕوانامەی مەلایەتی ساز دەکرێت

رۆژی یەك شەممە بەرواری ٢٠١٠/٩/٢٦ لەمەسیف سەلاحەدین بەسەرپەرشتی لقی شقلاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ئاهەنگی بەخشینی بڕوانامەی زانستی (الاجازة العلمية) بەڕێوەچوو، بڕوا نامەکە لەلایەن مامۆستا ئەبوبەکر ئاقوبانی بەخشرا بەهەریەك لەبەڕێزان:

(١) مەلا ئوسامە د. سیدبکر
(٢) مەلا شەهاب زاهیر هەرکی
(٣) مەلا فورسەت جەبار برادۆستی
(٤) مەلا عوبێد عومەر باڵەك
(٥) مەلا سەنگەر عبدالقادر باڵەك

سەرەتای ئاهەنگەکەش بەچەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر وتەی بەخێرهاتن لەلایەن مامۆستای ئیجازە بەخش مامۆستا (ابوبكر ئاقوبانی) خوێندرایەوە، پاشان وتارێك لەلایەن بەڕێز

بۆ ل٧